هەرکەسێک کاتێک گوێی لە بانگ دەبێت بڵێت: (اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ، وَالصَّلاَةِ القَائِمَةِ، آتِ مُحَمَّدًا الوَسِيلَةَ وَالفَضِيلَةَ، وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَهُ)^؛ ئەوا شەفاعەتی من بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک کاتێک گوێی لە بانگ دەبێت بڵێت: (اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ، وَالصَّلاَةِ القَائِمَةِ، آتِ مُحَمَّدًا الوَسِيلَةَ وَالفَضِيلَةَ، وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَهُ)^؛ ئەوا شەفاعەتی من بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا». ^(واتە: خودایە، ئەی پەروەردگاری ئەم بانگ ونوێژە کاملّ ودامەزراو ومەزنە؛ -الوسيلة: بەرزترین شوێن لە بەهەشتدا- و -الفضيلة: گەورەترین پلەی فەزڵ وڕێزلێنان- ببەخشە بە موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- وپلەی مەقامی (مەحمودی پێببەخشە لە ڕۆژی قیامەتدا

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە هەرکەسێك کاتێك گوێی لە بانگ دەبێت، پاش تەواوبوونی بانگەکە بڵێت: (اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ:خودایە، ئەی پەروەردگاری ئەم بانگە)؛ بانگ چەند ڕستەیەکە کە خەڵکی پێ بانگ دەکرێت بۆ پەرستنی الله ونوێژکردن، (التَّامَّةِ:کاملّ ومەزنە)؛ تەواو وکاملّە، وبانگەوازیە بۆ تەوحید -یەك خوا پەرستی- وپەیامی ئاسمان، (وَالصَّلاَةِ القَائِمَةِ:ئەم نوێژە کاملّ ودامەزراو ومەزنە)؛ کە بەردەوام ئەنجامدەدرێت، (آتِ:ببەخشە)، (مُحَمَّدًا الوَسِيلَةَ: بە موحەمەد -وەسیلەت-)؛ وەسیلەت بەرزترین شوێنە لە بەهەشتدا کە تەنها بۆ ئەو دەبێت، (وَالفَضِيلَةَ:وفەزیلّەت)؛ پلەی فەزڵ وڕێزلێنان کە لەسەرەوەی پلەی هەموو خەڵکیە، (وَابْعَثْهُ:وبێی ببەخشە)، (مَقَامًا مَحْمُودًا:پلەی ستایشکردن)؛ ستایش دەکرێت ئەوەی ئەم پلەیەی پێدەببەخشرێت، ئەمیش پلەی شەفاعەتکردنی مەزنە لە ڕۆژی قیامەتدا، (الَّذِي وَعَدْتَهُ: کە پەیمانت پێداوە)؛ کاتێك دەفەرمویت: عَسَىٰ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا واتە: ئومێدەوار بە پەروەردگارت بتگەیەنێتە پلەو جێگایەکی پەسەندکراو (کە شەفاعەتی گەورەیە بۆ خەڵکی لە قیامەتدا)، بەوەی بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێت. ئەوەی ئەم نزایە بکات لەپاش بیستنی بانگ؛ ئەوا شەفاعەتی پێغەمبەری -صلى الله عليه وسلم- بۆ مسۆگەر دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10635